# با به دروشمی" ئەم جیهانە پێچەوانەیە دەبێ بگۆڕدرێ"، ڕێز بگرین لە 8ی ئۆکتۆبر (16ی ڕەزبەر) ڕۆژی جیهانی منداڵان!

ئا : کەریم ئەمانی

لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان ڕۆژی منداڵان جیاوازە، هەر لە ڕۆژی 20ی نوامبر، (کە ئەم ڕۆژە لەلایەن هەندێك لە وڵاتانی جیهان و بە پێی بڕیاری کۆنفڕانسی ساڵی 1925ی "ژنو"، کە لە ژێر ناوی کۆنفڕانسی جیهانی بۆ "ڕفاە"ی منداڵان بە بەشداری نوێنەرانی 54 وڵات بەڕێوە چوو و بە کۆی دەنگ بەیاننامەیەکیان تەسویب کرد کە لەودا لە سەر چەند خاڵێکی وەك پێداویستییە سروشتییەکانی منداڵان، ڕزگار بوونی منداڵان لە چنگ هەژاری، پشتگیری لە منداڵانی کار، پێداچوونەوەی سەر لە نوێ بەسەر شێوازەکانی بارهێنان و چەند مەسەلەیەکی دیکە لە پێوەند لەگەڵ بێهداشت و ڕفاهی منداڵان لە سەرتاسەری جیهان پێداگری کرابوو) وە بگرە هەتا 1ی ژوئن لە هەندێك لە وڵاتانی سەر بە بلوکی شۆڕەوی پێشوو و 14ی نوامبر لە هێند و 5ی مەی لە ژاپۆن و 4ی خەزەڵوەر تا بەر لە ڕاپەڕینی 57 و هەر وەها 16ی مێهر، پاش ڕاپەڕینی 57 و هاتنە سەرکاری ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامی لە ئێران و...

بەڵام ڕۆژی جیهانی منداڵان لە ڕاستی دا لەلایەن خودی منداڵانەوە بە وجوود هات. لە ساڵی 1986 و لە ئاوا ڕۆژێك دا دوو خوێندکاری تەمەن 9 ساڵان لە قوتابخانەی ئاتاتۆری لە نیۆیۆرك بە نووسینی نامەیەك داوایان لە منداڵانی جیهان کرد تا بەیەکەوە ڕۆژێك بە نێوی ڕۆژی ئاشتی دیاری بکەن.

یەکێك لەو منداڵانە لە پەیامەکەی خۆی دا دەڵێ:" گەورەکانی ئێمە باوەڕێکی نەگۆڕیان هەیە ... ئەوان ئێمەیان خۆش دەوێ لەبەر ئەوەی ئێمە جگەر گۆشەی ئەوانین، بەڵام ئایا ئەوان دەزانن کە چ جیهانێکیان بۆ ئێمە دروست کردووە؟. ئەگەر چکۆلەترین هەڵە لە ماشێنی هەستەیی ئەوان دا ڕوو بدات، ئێمە هیچ شانسێکمان بۆ گەشە و هەڵدان نابێت! ئێمە دەمانەوێ ئیمکانی گەشە و هەڵدانمان لێ زەوت نەکرێ"!

منداڵان لەم ڕۆژە دا دەیانهەوێ وەبیر هێنەوەرەی ئەو جیاوازی و ناکۆکیانە بن کە، لە حاڵێك دا کە ساڵانە هەزینەیەکی سەر سووڕهێنەر سەرفی جۆرها چەك و چۆلی هەستەیی و غەیرە هەستەی دەکرێ، ڕێژەیەکی زۆر لە منداڵان بە هۆی برسێتی، نەبوونی ئیمکاناتی بێهداشتی، بەدخۆراکی و... گیانیان لە دەست دەدەن.

ئەمساڵیش لە حاڵێك دا، ئەم ڕۆژە بەڕێوە دەچێ کە، بانگی عەداڵەتخوازی پتر لە 260 ملیۆن منداڵی کار لە سەرتاسەری جیهان، لە دژی چەوساندنەوە و بێ مافی، گوێچکەی فەلەك کەڕ دەکات.

لە جیهانێك دا کە سنوورەکان، ئاو، خاك و زۆر جاریش نەتەوە، ڕەگەز و مەزهەب بەهانەن بۆ شەڕ و نەسل کوژی بە ملیۆن و لەم ناوەش دا، بێ خانەولانەیی، برسێتی، نەخۆشی و مەرگ دەبێتە نەسیبی ملیۆنها ئینسانی بێ دیفاع و بە تایبەت منداڵان و لە لایەکی دیکەوە، سوود و قازانجی چەند ملیارد دۆلاری دەچێتە گیرفانی خاوەنانی

شیرکەتە چەند میللیەتەکانی بەرهەم هێنەری چەکە کوشتارە بە کۆمەڵ و مەرگبارەکان، کە هەمووی ئەوانە لە ژێر ناوی دیفاع لە دیموکراسی، تەمەدون و نیسبییەتی میللی، مەزهەبی، نەژادی و... دا روو دەدەن.

ئەمڕۆژە لە حاڵێك دا بەڕێوە دەچێ کە مناسباتی غەیرە عادلانە و چەوسێنەرانەی نیزامی سەرمایەداری دنیای منداڵانی بە تەواوی شێواندووە و ئەم ئاسیب پەزیرترین توێژەی کۆمەڵگای بەشەریەتی نوقمی بێ مافی، ستەم و بێ عەداڵەتی کردووە. ئاسوودەیی، ئەمنییەت، شادی و خۆشگوزەرانی مافی بێ ئەم لاو ئەولای هەر منداڵێکە، بەڵام زۆربەی منداڵانی جیهان لێی بێبەشن. لە پەنا گوێی بەناو عەداڵەت خوازەکانی جیهان و لە ژێر سێبەری بانکە چەند نهۆم و لە ناو ئەنبارە پڕ لە سروەت و نێعمەتەکان دا، منداڵان لە برسان دەمرن، لە سەرما هەڵدەلەرزێن، پێویستیان بە نان و دەواودەرمانە، نەخۆش و لاوازن، لە ژێر باری کاری قورس و تاقەت پڕوکێن دا پشتیان دەچەمێتەوە، سووکایەتیان پێدەکرێ، ئازار دەدرێن، شلاقیان لێ دەدرێ تا ئەرکەکانیان بە باشی بەڕێوە ببەن، دەستەمۆ و مل کەچ بن، موتیع و موریدی ئەحکامی خورافی و کۆنە پەرەستانە بن، هەر لە بابە گەورە و نەنە سەر ماوە بگرە هەتا بەقاڵ و شێخ و مەلاو میدیاکانەوە تۆوی تەوەهم و سووکایەتی یان لە وجوود دا دەچێنن. لە کۆمەڵگای ئەمڕۆ دا منداڵان تووشی سەر لێ شێواوی دەبن، تووشی خەمۆکی دەبن، لە ماڵ هەڵدێن و بە ریزی منداڵانی سەر شەقام پەیوەست دەبن، دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن، موعتاد دەبن، ئەمجار بە پێی یاسا و دەسەلاتی کۆنەپەرەستانە تۆمەتبار دەکرێن و حوکمی شەڵلاق،زیندان، قەساس و ئیعدامیان بۆ دەردەچێت!.

$8$ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ لە هەل و مەرجێك دا ریزی لێ دەگیرێت کە سەرەڕای بوونی دنیایەك سەرچاوەی سەروەت و سەرمایە، گەشەی ئەوپەڕی ئیمکانات و زانست و تکنۆلۆژی و... لە جیهانی ئەمڕۆ دا، ئەو هەموو دڵ رەقی و بێ رەحمی و بێ عەداڵەتییە دەر حەق بە منداڵان و بە واتایەکی تر دەرحەق بە کۆمەڵگای بەشەریەت بەڕێوە دەچێت. سەروەت و سامانی جیهان بە شێوازێکی نا عادلانە دابەش دەکرێ، کەڵەکە بوونی سەرمایە لە پێناو خزمەت بە کۆمەڵگای بەشەرییەت دا نییە. بەرهەمی رەنج و کاری نزیك بە $95\%$ ی ئینسانەکان لە لایەن کۆمەڵێك ئینسانی تەمبەڵ و تەوەزولەوە دەستی بە سەر دا دەگیرێ بۆ درێژەدان بە تەمەنی نەنگینی خۆیان کایە بە ژیانی ئینسانەکان دەکەن و لە پێناو ئامانجە دزێوەکانی خۆیان دا دەیانکەنە قوربانی. ئینسانەکانیان بەرداوەتە گیانی یەکتر بۆ ئەوەی دەرفەتی بیرکردنەوەیان بۆ رزگار بوون لە چنگ مەینەتی و نەهامەتییەکان بۆ نەرەخسێت. سەروەتێك کە ئەم مفتەخۆرانە دەستیان بە سەر داگرتووە، دەتوانێ هەموو ئینسانەکان لە برسیەتی رزگار بکات، کۆمەڵگای بەشەرییەت بۆ هەمیشە لە قەیران و قات و قڕی دەربێنێ وپێ بنێتە ناو قۆناغی گەشە و پێشکەوتنی هەمەلایەنەوە. ئەو سەروەتە دەتواتێ سەرجەم پێداویستییەکانی منداڵان دابین بکات. ئەو سەروەتە دەتوانێ نان، مەسکەن، بیهداشت و دەرمان، ئیمکاناتی خوێندن و جل و برگ لە یەك کەلام دا کۆمەڵگایەکی سالم و ژیانێك کە شیاوی ئینسان بێت بۆ منداڵ و گەورەترەکان بخوڵقێنێ. یونیسێف لە راپۆرتێکی خۆی دا دەنووسێت: تەنیا بە سەرف کردنی پێنج دۆلار بۆ هەر منداڵێك، دەکرێ $90\%$ی ئەو منداڵانەی کە ساڵانە بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە گیانیان لە دەست دەدەن لە مەرگ رزگار بکرێن، وە هەر ئەوەندە بودجەیەش کافیە بۆ باشتر کردن و سەر و ساماندان بە ژیانی

**منداڵان لە وڵاتەکانی جیهانی سێهەم بۆ ماوەی یەکساڵ، کە ئەم مەبلەغە یکسانە لەگەڵ هەزینەی تەنیا شەش حەوتووی‌چەك و چۆڵ لە جیهاندا.!**

**میلیونها کرێکار، کۆیلەی کاری کرێگرتە و بێ ئەملاوئەولای خاوەنانی سەرمایەن، هێزی ئینسانی دانشمەند، ئەکتیڤ و لێهاتووی ناوەندە زانستی و دانشگاییەکان لە خزمەت ئەو بارودۆخەی ئێستا دایە، بارودۆخێك کە بۆ زۆربەی کۆمەڵگا بێجگە لە رۆژ رەشی و بەش مەینەتی هیچی تر نیە.**

**با ئەمساڵ بە دروشمی" ئەم جیهانە پێچەوانەیە دەبێ بگۆڕدرێ"، رێز بگرین لە 8ی ئۆکتۆبر رۆژی جیهانی منداڵان.**

**زانست و تەکنەلۆژی ئەم جیهانە لە خزمەت کێبەرکێ و بونگا سەرمایەدارییەکان دایە نەك لە خزمەت بە ئاسودەیی و خۆشبەختی ئینسانەکان، ئەم رەورەوەیە دەبێ پێچەوانە بکرێتەوە و تەواوی سەروەت و زانست و تەکنەلۆژی پێشکەوتووی ئەمڕۆیی بنرێتە خزمەت بەختەوەری و ئەمنییەت و ئاسوودەیی بۆ سەرجەم کۆمەڵگای بەشەرییەت. ئەم هێزە کە ئێستا لە ژێر کۆتی ئیسارەت دا لە عەزاب دایە و مەیلێکی بە هێزی بۆ بە دەست هێنانەوەی سەربەخۆیی ئینسانیی خۆی تێدا بەدی دەکرێ، دەتوانێ جیهانی ئەمڕۆی منداڵان بە جوانترین رەنگەکان وێنا بکات و ئاسەواری رەنج و مەینەتی لە ژیانیان دا بسڕێتەوە و خۆشبەختی و ئاسودەیی بۆ هەموان بە دیاری بهێنێت.**

**ئەمانە و سەدان و هەزاران بابەتی دیکە کە پێوەندییان بە ژیانی ئینسانەکانەوە هەیە شتێکی غەیرە مومکین نین، بەڵکوواقعی و قابیلی دەست پێ ڕاگەیشتنن. ئەمانە ئاوات و ئارەزوەکانی سبەینێ نین، بەڵکوو دەبێ هەر لەمڕۆوە بۆ دەستەبەر کردنیان تێبکۆشین. یەك ڕیزی و هاوخەباتی کۆمەڵانی ژێر دەستە و ستەم دیتوو بە گشتی و چینی کرێکار و زەحمەتکێش بە تایبەتی، دەتوانێ دنیایەکی واقعی بۆ منداڵان مسۆگەر بکات. خەباتێکی لەو چەشنە دەتوانێ رزگاری بەخش بێت و نەزمی دنیای سەرمایەداری تێك بدات. چارەنووسی ئینسانەکان شتێکی چارە هەڵنەگر نیە و مەحکووم بوون بە چارەنووسێکی غەیرە ئینسانی و ناعادڵانە ئەزەلی و ئەبەدی نیە و سەردەمی مەحکوومییەتی بەشەرییت دەبێ کۆتایی پێ بێت.**

**ئەمە حوکمی هەر ئینسانێکی ئازادیخواز، بەشەر دۆست و لە ئاشتی نەهاتوو لەگەڵ نیزامی چینایەتیی و نابەرابەر کە لە تەواوی مەیدانەکاندا، لە دژی پەرەسەندنی موسیبەتەکان، چەوسانەوە، کۆیلەتی، هەڵاواردن، شەڕ و ماڵ وێرانی، هەژاری و بێ مافی و... پێی ناوەتە مەیدانی خەبات و وێڕای تەحەولی زەخت و زۆر و سەرکوتی وەحشیانەی نیزامی سەرمایەداری، بە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی تەشەکول و رێکخستنی ناڕەزایەتی جەماوەری، لێبڕاوانە لە سەر گەیشتن بە داخوازییە رەواکانی و سەرەنجام لە گۆڕینانی نیزامی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری و دمەزراندنی دنیایەکی ئینسانی و بە دوور لە هەر چەشنە ستەم و نابەرابەرییەك دەرحەق بە منداڵان و کۆمەڵگای بەشەرییەت پێداگری دەکات.**

***